**گرینگیی شیعر لەوەدایە بازمان بە سەر دیوە نزم و تووڕەهات و هیچەکەی خۆماندا پێ دەدا و ڕووبەڕوو بەرامبەر دیوە باڵا و ڕاستەقینە و جوانەکەمان ڕامان دەگرێ..**

**سازدانی شاخەوان سدیق**
**ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە ٩٨٢**
**ڕۆژی ٢ / ٢ / ٢٠١٧**

دلاوەر قەرەداغی: یەکێکە لە نوسەرو شاعیرو وەرگێڕە بەتواناکانی ئێستای ناو دونیای ئەدەبی ئێمە، کە ساڵانێکە بەرهەمەکانی جێگای مشتومەڕی گەرمی کۆڕوکۆبونەوەکانن، ناوی ئەو هەمیشە ناوی ئاشنایە بە هەموومان، بەجۆرێك کەم لە کتێبخانەکانی ئێمە لە ماڵەوە هەیەکە کێبێکی شیعری یان وەرگێڕدراوی ئەم نوسەرو وەرگێڕەی تێدا نەبێت، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە تێڕوانینی (قەرەداغی) بۆ ئەدەب بەگشتی بەتایبەت شیعر، ئەم دیدارەم لەگەڵدا سازدا.

**– زۆرێک لە نوسەرانی دونیاو بەتایبەت نوسەرانی کورد کە دەست بە نوسین دەکەن، لە شیعرەوە دەست بە نوسین دەکەن. دواتر هەندێک لەوانە ڕێگای جیاوازی خۆیان بۆ ژانرەکانی تری ئەدەب دەدۆزنەوە. مەبەستمە بپرسم هۆکاری ئەمە چیە؟ ئایا شیعر نوسین کردەیەکی هێندە ئاسانە، یان وەک ئەوەی (بەختیار عەلی) دەڵێت" مرۆڤ بۆ ئەوەی شیعرێکی جوان بنوسێت دەبێت ڕۆحی پیر بووبێت"**

**دلاوەر: بەشێکی زۆری ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پاشخان و زەمینەی کولتووری و ئەدەبییمان شیعر بووە و هەر لە سەرەتاوە زوبان و گوێ و حەزی نووسینمان بە شیعر پژاوە. ژانری شیعر هەر لە زووەوە هەژموونی بە سەر خەیاڵ و یادەوەرییمانەوە هەبووە و پانتایی گەورەی لە هزر و دەربڕین و خۆ دەربڕینماندا داگیرکردووە. ئەو شیعرانەی لە ماڵ و قوتابخانەکاندا پێمان لەبەردەکران و ئەو سروودە نیشتمانییانەی پێمان دەگوترانەوە، وایان دەکرد کە شیعر نەک هەر نزیکترین و سەرەکیترین ژانر بێت لێمانەوە، بەڵکو ئەرکێکی نیشتمانیی و پەروەردەییش ببینێ و هاوکاتییش برێکی زۆری حەزی نووسین و چەشەی ئەدەبییمان لەو سەرەتایانەدا تێر بکا و زەمینەمان بۆ خۆ تاقیکردنەوەی نووسین بۆ بڕەخسێنێ. وێڕای ئەوەش لە قوتابخانە و بوارە پەروەردەییەکەدا شیعر زیاتر لە چەقی سەرنجدا بووە و زۆرتر پێشبڕکێ و چالاکی لە چاو شانۆ و شێوەکاری و مۆسیقادا بۆ شیعر دەڕەخسێنرا و**

گرینگیی پێدەدرا. ئەمە بەراورد بە نووسەرێکی خۆرئاوا بەو شێوەیە نەبووە. بۆ نموونە بەشێکی زۆری ڕۆماننووسە بەنێوبانگەکانی دونیا لە کاری ڕۆژنامەنووسی و ئەزموونی ڕۆژنامەوانییەوە پێیان ناوەتە ناو ئەزموونی نووسین بە تایبەتی ڕۆمانەوە. شیعر لای ئێمە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەم فریادڕەس بووە و هەمیش تاقە دەروازە و دەروو بووە. بە شیعر شت فێربووین و بە شیعر لاواوینەتەوە و بە شیعر گۆرانیمان گوتووە و بە شیعر گوزارشتمان لە تووڕەیی و تەنیایی و بردنەوە و شکستەکانمان کردووە.

– بەگشتی ئەگەر سەیری شیعری کوردی، بەتایبەت شیعری دوای ڕاپەڕین بکەین، دەبینین ڕەشبینیەکی زۆر باڵی بەسەر فەزای زۆرێک لەو تێکستانەدا گرتووە، بە تایبەت لە شیعری گەنجەکاندا، ئەویش بەجۆرێکە، کە مرۆڤ لە خوێنەوەیاندا جگە لە ئازارو برین و بێزاری تامی هیچ شتێکی تر ناکات، پێتان وایە هۆکاری ئەمە چییە؟ شیعر بۆ پیشاندانی ناشیرینیەکانی ژیانە؟ یان دۆزینەوەی جوانییە شاراوە نەبینراوەکان و دۆزینەوەی ئەو دونیا نوێیەیە کە مرۆڤەکانی تر کەمتر پەی پێدەبەن؟

دلاوەر: لە ڕاستیدا دەکرێ ئازار و ڕەشبینی و غەم و نسکۆ و ..... هتد لە یەک کاتدا بکرێتە جوانترین شیعر و خەراپترین تێکستیشیان لێ بەرهەم بهێنرێ... شیعری جوان بە ڕای من لەیەک کاتدا لە ناو هەموو ئەوانەدا و لە دەرەوەشیاندان... هەموو شتێک لە ژیان و دەوروبەرماندا نەک هەر ماتریاڵی خاو و کەرەستەی ناوازەن بۆ شیعر، بەڵکو خوڵقێنەری زوبانی دەقیشن... هەستەکانی مرۆڤ هەر لە ناچیزەترینیانەوە تا شکۆدارترینیان، هەر لە غەمگینترینیانەوە تا شادترینیان دەبنە شیعر .. ئەوەی ئێوە باسی دەکەن دەشێ شەپۆلێک بێ و شیعر و هەڵبەست و قسە و تێکستی جۆراوجۆر و ئاست

جیاوازی لە خۆی گرتبێ، دەکرێ لە بری باسی ئەو شەپۆلە بە کۆ بکرێ، ئێمە هەوڵ بدەین دەنگە کەم و ناوازەکانی بناسینەوە و ئەگەر شتێک هەبێ ناوی ڕەخنەی کوردی بێت، قسەیان لە سەر بکا و گرینگییان پێ بدا... شەپۆل و ئاپۆرە و قەرەباڵخییەکان دەڕەونەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە چەند دەنکە مرواریيەکی جوان و بە درەوشە و تەنیان...

– ئاماژەتان بە ڕۆڵی ڕەخنەگر داوە، دەمەوێت بپرسم بۆ زۆرێک لەوانەی بابەتی ڕەخنەیی لەسەر تێکستەکان دەنوسن پێش قسەکردن لەسەر ناوەرۆک و ئاستی ئەدەبی دەقەکە قسە لەسەر کەسایەتی شاعیرەکە دەکەن، ئەوە پەیوەندی بە ناڕاستگۆی شاعیرانی ئێمەوە هەیە لەگەڵ خۆیان و جیاوازی لە نێوان نوسین و هەڵسوکەتی ژیانی خۆیاندا هەیە؟ یان لاوازی ئاستی ڕەخنەی ئێمەیە کە هێشتا ناتوانێت لە کەسایەتی شاعیر دوربکەوێتەوەو واز لە ژیانی تایبەتی نوسەر بهێنێت و بابەتیانەو زانستیانە قسە لە سەر خودی دەقەکە خۆی بکات.

دلاوەر: بە داخەوە چەند هەوڵێکی دەگمەن و تاک و تەرای لێدەرچێ، ڕەخنەی کوردی پێبەپێی بزاوتە ئەدەبیی و هونەرییەکە نەهاتووە و قسەی جیددی لە بارەیەوە نییە و نەبووە . ئیشی ڕەخنەی کوردی تا ئەم ساتەوەختە بە زۆریی لە نێوان پۆلێن کردنی کارێکی ئەدەبیی لە نێوان باش و خەراپ، لاواز و بەهێز، جوان و ناشیرین، ڕەشبین و ڕووناکبین، ئومێدبەخش و نائومێدکەر و تا دەگاتە ڕووخێنەر و بنیاتنەردا قەتیس ماوە و ئەوەیشی لەو کۆنتێکستەدا دەیلێ تێکەڵەیەکە لە سەرنجی لابەلا و سەرەقەڵەمی پەرتەوازە و ڕای شەخسی و زووتێپەڕ، ئەوە ئەگەر نەیپەرژێتە سەر قسەکردن لە سەر کەسێتی نووسەر خۆی و شێوازی ژیان و ستایشکردن یان بوغزاندنی، یاخود نەیەتە سەر

ئەوەی دواجار هێڵێکی ڕاست و چەپ بە سەر هەموو شیعردا بهێنی و بە ڕستەیەک بڵێ: کورد هەمووی شاعیرە و شیعر لە دنیادا باوی نەماوە و خوێنەری نییە.... لە ڕاستیدا ڕەخنە لە دەرەوەی هەموو ئەو خانەبەندکردنەی کارێکی ئەدەبیی بە سەر باش و خەراپ و جوان و ناشیرین و لاواز و بەهێزدا، ئیشێکی بنەڕەتی لە ئەستۆدایە کە ئەویش هەڵگۆزانی دەلالات و مانا و ئاسۆی نوێیە لە دەقدا، هێنانە قسەی دەق و کەشفکردنی وزە تاریک و شاراوەکانێتی... ڕەخنە بەرهەڵداکردنی ئەو نەگوتراوانەیە کە دەق نەیگوتوون یاخود نەیویستووە بیانڵێ، بەو مانایە ڕەخنە ئاستێکی مەرمووق و شکۆداری دەقە لە بەرزترین و والاترین ئاستی چێژی ئەدەبیی و ڕاهێنانی خوێنەر لە سەر چێژبردن لە ئەدەب و ئەزموون و ڕەهەند و ئاسۆ هەنووکەیی و ئایندەییەکانی... لە ڕاستیدا هەندێک لەو ڕانانەی کە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا لە بارەی کتێبەوە دەنووسرێن، جیددی تر و پڕ زانیاری تر و خاوەنی بەهای ئەدەبیی و ڕەخنەیی زیاترن لەو نووسینانەی بە ناوی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دەنووسرێن..

– شیعر یەکێکە لە گرنگترین و کۆنترین ئەو ژانرە ئەدەبیانەی کە بەدرێژای مێژوو لەگەڵ مرۆڤدا ژیاوە، (کازانزاکیس) یش دەڵێت( شیعر ئەو خوێیەیە کە ناهێڵێت جیهان بۆگەن بکات) بەبڕوای ئێوە ئەم گرنگیەی شیعر لە چییەوە هاتوە؟ تۆ بۆدەتەوێت شیعر بنوسیت و بۆ تۆ شیعر چییە؟

دلاوەر: گرینگیی شیعر بە بڕوای من لە خۆیدا و لە هەبوونیدایە. لەو بەشدارییە فرە مەودا و تێکچڕژانە چڕەیدایە لەنێو ژانرەکانی تری ئەدەب و تەنانەت سینەما و مۆزیکیشدا...گرینگیی شیعر بە لای منەوە لەوەدایە کە لە کرۆکی ژیاندایە،لە پڕکردنەوە و بەرجەستەکردنی پێداویستییە ناوەکیی و ڕۆحییەکانی مرۆڤدایە. لەو شکۆیەدا کە لێناگەڕێ بچووک و بچووکتر ببینەوە و بکەوینە دوای دروشم و مژدەی سادە و ڕۆژانەیی و درۆیینە. گرینگیی شیعر

لەوەدایە جەختمان لە سەر دیوە سەرکەش و یاخی و تەنیا و سەرفرازەکەی خۆمان پێ دەکاتەوە، گرینگیی شیعر لەوەدایە بازمان بە سەر دیوە نزم و تووڕەهات و هیچەکەی خۆماندا پێ دەدا و ڕووبەڕوو بەرامبەر دیوە باڵا و ڕاستەقینە و جوانەکەمان ڕامان دەگرێ.. گرینگیی شیعر لەوەدایە کە ئەڵتەرناتیڤمان بۆ جیهان دەداتێ، ئەڵتەرناتیڤمان بۆ زوبان و خەیاڵ و ئایندە و خۆبوونمان دەداتێ... واتە شیعر جیهانێکی تر و زوبانێکی تر و ئایندەیەکی تر و بوونێکی ترمان دەداتێ، بوونێک کە خۆمان هەڵیدەبژێرین و توند و پتەو و بەرپرسیارانە و بە بێ سازش لەبەر ڕەشەبای کۆست و کارەساتەکانیدا ڕادەوەستین...

– کاتێک کە ئەزمونی شیعری تۆ دەخوێنینەوە، تیایدا هەمیشە هەست بەگەڕانەوەیەکی دیار یان شاراوە بۆ منداڵی دەکەین و لەوێوە بەر دونیای شتە بچوک و سادەکان بە زمانێکی قوڵ لادەکەوین، بەتایبەت لە شیعری (باوکە پەنجەرەکە بکەوە، قسەیەک لە دڵما ماوە دیڵێم) ئەم گرنگیدانە بە ڕابردوو بۆ؟ گەڕانەوە بۆ منداڵی تەنها کەرەستەیە بۆ بنیاتنانی شیعر یان یادەوەریەکی لە دەستچووی تۆیە و شیعر قەرەبووی لە دەست چونیت بۆ دەکاتەوە؟

دلاوەر: دەتوانم بڵێم شیعر لای من خودی منداڵییە بە هەموو دیتاڵەکانییەوە لە ئێستادا و پراکتیزەکردنەوەیەتی بە هەمان ئەو خەیاڵاتانەی کە منداڵ دونیای واقیعی پێ دەستکاری دەکا و بە هەمان ئەو کەرەستانەی کە منداڵ دونیای خۆی پێ ڕۆدەنێ. شیعری جوان بە بڕوای من بەو وزە گەورەیەی خەیاڵ و بەو کەرەستە سیحرییانەیەوە کە خاوەنییەتی، هیچ پێویستی بەوە نییە لە سەر

یادەوەریی بژی و ئاخ و داخ بۆ ژیاندنەوەی هەڵکێشێ و قەرەبووی شتێک بە شتێکی تر بکاتەوە. ڕەنگبێ نۆستالگیا کەم و زۆر ڕۆڵ لە خەیاڵدا بگێڕێ و بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری لە سەر بونیادی تێکستەکە هەبێ، بەڵام ئەو کاریگەرییە دەبێ ئەوەندە دوور و کاڵ و یەکانگیر لەگەڵ ئێستادا بێ کە لە سەر یادەوەری و گەڕانەوەی نۆستالگیانە بۆ ڕابردوو نەژی و هەناسە نەدا، ئەگەرنا لەو کاتەدا شیعر نزیک دەبێتەوە لە مۆنۆلۆگ یان خۆدواندنێکی یەکتا و یەک ڕیتم و بێ خەیاڵ. واتە من ئەوەندەی وەک سترکتور دەگەڕێمەوە لای منداڵیی و هەوڵی خولقاندنەوەی ئەتمۆسفێر و بەکارهێنانەوەی کەرەستەکانی و فۆرماندنەوەی زوبان و وێنەکانی دەدەم، ئەوەندە بە دوای ئەوەوە نیم کە یادەوەرییەکانی بگێڕمەوە یان ڕابردوو بکەمە چەق و سەنتەری ڕۆنانی بونیادی شیعرەکە.

– نوسەرێک دەڵێت" پتر لە هەر شتێکی تر بۆیە شیعر دەنوسم هەتا بتوانم باسی خۆم بکەم" ئەپرسم تۆ تاچەند لە نوسینەکانتا خۆت ئامادەی؟ تۆ خۆت دەنوسیتەوە، یان ئەوانی تر، لەکاتی نوسیندا خۆتو دنیا تایبەتەکەی خۆتت لە بیرە؟ یان تۆ بۆ خوێنەر دەنوسیت و لە پێشنوسین و دوای نوسینیشا خوێنەرێت لە بیرەو بۆ ئەوان دەنوسیت.؟ شیعر پەیوەندیەکی زاتییە یان گشتی؟

دلاوەر: من لە میانەی خۆمەوە وەک خود و سەنتەر، لە دەوروبەر و دونیا دەدوێم، دەبمە بەشێکی یەکانگیر لەگەڵ دونیای خۆم و شەریکێکی کارا و هاوبەش و ئەکتیڤ لەگەڵ مرۆڤ و گەردوون. دەتوانم بڵێم بە زۆریی لە شیعر و پرۆسەی شیعرنووسیندایە، دەبمە خودێک کە دەتوانم هەست بکەم شتێک دەکەم، هەست بکەم کە بەشدارم، کە قسەیەکم هەیە بۆ گوتن، لە نزیکەوە هەستەکانم لە بینین و بیستن و چەشتن و بەرکەوتن ڕۆڵی ڕاستەقینە و سروشتی خۆیان دەگێڕن. لە شیعردا دەبمە کەسێکی تر، کەسێک ئامادە بۆ

دەست بەکاربوون بە کەرەستە سادە و ئەفسووناوییەکانی ڕۆنان و خولڤاندنەوە. شیعر بۆ من هەم پەناگە و هێلی بەرگرییە بۆ خۆپاراستن لە بچووکبوونەوەی خۆم و هەم هێڵی هێرش و ڕۆیشتن بۆ شەڕێکیشە کە ئازایەتی خۆمی تێدا بنوێنم و هەست بە شکۆ و کاریگەریی خۆم بکەم، ئیتر هیچ گرینگییش نییە کە تیایدا دەیبەمەوە یان دەدۆڕێم. شیعر تا سەر ئێسک پرۆسەیەکی داهێنەرانەی خودییە، بەڵام لە ڕووبەرێکی بەرفراوان و واڵای بووندا.

– زۆرێک لەوانەی ئەزمونی شیعری تۆیان خوێندۆتەوە پێیان وایە ئەزمونی شیعر نوسینی تۆ ئەزمونێکی (هێمنە) بەجۆرێک کاتێک توڕەش دەبیت یان نیگەران دەبیت و توشی جۆرێک لە هەڵچوون دەبیت لە شیعردا هێشتا بێزاری و تورەبوونەکانت دەربڕینێکی هێمنانەیە، بەنمونەش لە شیعری (هەموو ڕێگەکان دەچنەوە سەرا) ئەم هێمنیە لە چیەوە هاتووە، ئەوە پەیوەندی بە کەسایەتی خۆتەوە هەیە یان شیعر خۆی ئەوە دەخوازێت، ناکرێت چون لە باسی پەپولەدا مرۆڤ ناسکە ئاواش لەکاتی دەربڕینی ناشیرینیەکاندا مرۆڤ زبربێت ئەگەر لە شیعریشدابێت؟

دلاوەر: پێم وا نییە تێکستی جوان لە تووڕەییدا و بە تووڕەیی بنووسرێ، لانیکەم من وای دەبینم کە زوربەی ئەو تێکستانەی بە تووڕەیی و لە ساتەوەختی تووڕەییدا دەنوسرێن دەبنە دروشم یان تێکستی ساتەوەختی کە زوو تێدەپەڕن و دەگوزەرێن و بیردەچنەوە... هیچ شتێک وەک نووسین پێویستی بە هێمنی و هاوسەنگیی و لەسەرخۆیی و لەسەروەستان نییە...

تێکستی جوان لەوە شەفافتر و ڕوونترە کە بە تووڕەیی و هەژان و ئینفیعالی ساتەوەختی شلوێ بکرێ. هەموو شتێک لە تێکستدا دەبینرێ، تەنانەت ئەو تەمومژ و ئالۆزییەش کە شاعیر دەیەوێ بێ توانایی خۆی لە ژێریدا بشارێتەوە. کاتی خۆی کاک ڕێبین هەردی لە نووسینێکدا زۆر جوان و ڕوون باسی ئەو چەمکەی ئەم پرسیارەی ئێوە دەکا و بە نموونە باسی زوبانی ئەو یەک دوو شیعرەم دەکا کە بۆ ئەنفال و هەڵەبجە نووسراون و چەند دێڕێک لە شیعری (شەهیدەکان ماڵیان لە شووشەیە)، دێنێتەوە کە شەهیدەکان لە شیعرەکەدا "بە دوای کۆرسێکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی خۆیان لە خولی فێربوونی ئۆکۆردیۆن ژەنیندا ناونووس بکەن..." سەبارەت بەو شیعرەی ئێوەیش ناوتان هێنا ( ڕێگەکان دەچنەوە بەر سەرا) کاتێک نووسرا شار پۆنگی خواردبۆوە بە ڕق و هوتافکێشان و تووڕەیی، چەند جارێک داوام لێکرا وەک زوربەی زۆری ئەو شیعرانەی تر کە بۆ ١٧ ی شوبات لەو کاتەدا دەنووسران، سەر بکەومە سەر سەکۆکە و بیخوێنمەوە، بەڵام من قاییل نەبووم و پێم وا بوو ئەو شیعرە لە بەردەم خەڵکێکی زۆر و بە دەنگی بەرز و گڕ ناخوێنرێتەوە، چونکە شیعرێکە لە قەرەباڵخییدا و بە تووڕەیی نەنووسراوە..

– پێم خۆشە دەربارەی پەیوەندی شاعیر بە کۆمەڵگاوە سەرنجت بزانم، (پابلۆنیرۆدا) لە وتارێکدا دەڵێت" ئێمەی شاعیران مافی خۆمانە شادومانبین، بەو مەرجەی شان بەشانی گەلەکەمان و لەکاتی بەرخۆدان و ڕێگای خۆشبەختیدا لەگەڵیان بمێنینەوە. یان لە جێگایەکی تردا دەڵێت" شاعیر هەرگیز سڵ لەوە ناکاتەوە بەشۆڕشگێڕ ناوی ببەن، چونکە شیعر خۆی شۆڕشە" مەبەستمە بپرسم تاچەند پێتان وایە کە دەبێت شیعرو شاعیر لەگەڵ خەڵک و لە بەرەی خەڵک بن و شیعر بەشێک بێت لە خستنە ڕووی ئازارەکانیان.

دلاوەر: هیچ گومان و دوودڵییەک لەوەدا نییە کە دەبێ شاعیر و نووسەر لەگەڵ خەڵک و لە بەرەی خەڵکدا بێت دژی ستەم و ستەمکار، ئەگەر هەر نەیشتوانێ دژی بێت ئەوا لانیکەم لایەنگری ستەم و ستەمکار نەبێ و یەکێک نەبێ لەوان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بۆ هەندێ پرسی هەستیار لەگەڵ تاک و نوخبە و کەمینەدا بێت دژی ڕا و بیروبۆچوونی باوی زۆرینە و ئاپۆرە و حەشامات. لە ڕاستیدا سیاسەت لای ئێمە بۆ بەرژەوەندی خۆی بە گوێرەی مەزاجی خۆی ئەو پرسەی زۆر جار و بە شێوەی جۆراوجۆر شێواندووە و ئەندام و لایەنگیرانی خۆی بە جۆرێک پەروەردە کردوون کە مەرجە شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیران خاوەن هەڵوێستی هەنووکەیی سیاسیی بن. بەڵام لە ڕاستیدا نووسەر بەر لە هەر شتێک دەبێ خاوەن ڕوئیا و دید و هەڵبژاردن و دونیابینی خۆی بێ و دوای قەرەباڵخیی نەکەوێت، ئەم قسەیەش بەو مانایە نییە کە لەگەڵ خەڵک و بەرەی خەڵکدا نەبێت، بەڵام لەگەڵ بوون بە دیوە سیاسی و مەرامە ئایدیۆلۆژییەکەی دا نا، بەڵکو دژی خودی ئەو دیوە سیاسیی و مەرامە ئایدیۆلۆژییەش کە حیزب و ڕێکخراوگەلی سیاسی ئامانجمەندانە خەڵک دەکەنە پردی وەدیهێنانی مەرامەکانی خۆیان یان بۆ لێدانی نوخبە و دەستبژێر و ئیلیتێکی سیاسی یان ڕووناکبیر و مۆدێرن ئامادەیان دەکەن.

– قسەیەکی بوزیەکان هەیە دەڵێت" هەوڵبدە زۆر سەفەربکەی، تەنانەت ئەگەر بۆ گەڕەکی ئەودیوماڵەکەی خۆشت بێت، ئەوەش لە خوێنەوەی کتێبێک گرنگترە" من دەزانم تۆش یەکێکیت لەوانەی سەفەرت زۆرکردوە لە زۆر شوێنی دونیا ماویتەوە، دەمەوێت بپرسم، گەڕان و سەفەر تاچەند بۆ نوسەر، بەتایبەت بۆ ڕوئیای شیعری شاعیرگرنگن، بینینی دونیا چی بەتۆ بەخشیوە و چ کۆمەکێکی بۆ پرۆسەی نوسین لای تۆ هەبووە.

دلاوەر: لە ڕاستیدا گرینگیی سەفەر و بینینی شوێنی تر و هەڵمژینی هەوای تر هەر لەوەدا کورت نابێتەوە کە بنیادەم وڵات و شوێن و جێگەی تر دەبینێ و بە

خەڵک و زوبان و کولتووری تر و نوێ ئاشنا دەبێ، بەڵکو ئەوەیە کە مرۆڤ (خۆ) یەکی تر لە پنتگەلی تری دونیادا دەبینێ کە لەو کەسەی بەر لەر سەفەر و بینینی خۆی لە فەزا و ڕووبەری پێشوودا ناچێت... مرۆڤ لە سەفەر و بینینی شوێنانی تردا لە خۆی تێدەپەڕێنێ و ڕوانینی دەپژێ، خەیاڵی دەوروژێ و سەرسامیی دایدەگرێ و دڵی بە ڕیتمی نوێ لێ دەدا و ئارەزووی بۆ ژیان تا دوا پلە بۆ باوەش کردن بە دونیا و هەڵمژینی هەوای تازە و یەکانگیربوون لەگەڵ شتگەلی نوێدا دەبزوێ.... سەفەر و گەڕان و بینینی دونیا مافی سەرەتایی هەر کەسێکە و هەموو کەسێک خولیاو ئارەزووی بە پلە و ئاستی جیاواز بۆی هەیە و دیارە بە شێوازی جیاوازییش لە سەری ڕەنگ دەداتەوە و کاردانەوەی بۆی هەیە، هەر بۆیە کەمیش نین ئەو کەسانەی کە ساڵانێکی زۆرە لە دەرەوە دەژین و سەفەریان بۆ شوێنی جیاواز کردووە، بەڵام نەک هەر قولانجێک لە خۆیان تێنەپەڕاندووە، بەڵکو جاران مرۆڤتر بوون و ڕوانینیان کراوەتر باشتر و جوانتر بەر دونیا و بوون دەکەوتن. بیرمان نەچێت سەفەرێکی تریش هەیە جوگرافیی نییە و مرۆڤ یەک هەنگاوی بۆ هەڵنانێ، بەڵام لە کتێب و شیعر و مۆسیقا و فیلمەکانەوە ئاشنا دەبێ بە دونیا و لە نزیکەوە بەر شار و ڕێگە و زەریا و زوبان و کولتووری نوێ دەکەوێ. سەبارەت بە منیش کە سەر بەو نەوەیەم لە جەنگەکاندا لە دایکبووین و گەورەبووین و یەکەمین سەفەرمان، ڕەوی ناچاری و زۆرەکیی و گیانی خۆ ڕزگارکردن بووە، بۆیە هەمیشە هەست دەکەم ترس و نیگەرانیی و جۆرە دردۆنگیی و ڕاڕاییەک بە سەفەر و گەڕان و شوێن بینینەکانمانەوە هەیە. بەڵام بە گشتی هەرە شتی گرینگی سەفەر بۆ نووسەران بە بڕوای من ئەوەیە، کە ئەگەر لەوەوبەر بە یەقینەوە خۆی بە نووسەر و شاعیر و داهێنەر زانیبێ، ئیدی هەر لە سەرەتا و یەکەمین هەنگاویی سەفەرەکەیدا ڕادەچڵەکێ و شۆک دەبێ بەوەی کە ئەوانە هیچیان نەبووە، بەڵام هاوکات گوڕی ئەوەشی تێدەگەڕێ کە ئەگەر بیەوێ دەتوانێ دەست پێکردنەوەیەکی تازە دەست پێ بکاتەوە، خۆ ئەگەر نەیشتوانێ بە زوبانێکی نوێ بنووسێ، بەڵام بەهەرحاڵ دەتوانێ بە خەیاڵ و ڕوانینی نوێوە بیر بکاتەوە و خۆی بە کەسێکی تری جیاواز لە پێشوو بزانێت.

– هەمیشە دەوترێت بڕیاری نوسین بۆ نوسەر کارێکی گران و پڕ لە دودڵی و ڕاڕاییە، (مارکیز)یش دەڵێت" قورسترین و سامناکترین بڕیار، دانیشتنە لە بەردەم کاغەزی سپیدا" توش لە نوسینێکدا دەڵێت" هەموو ڕووبەڕوو بونەوەیەک لەگەڵ کاغەزی سپی دڵڕاوکێیەکی لەگەڵدایە" مەبەستمە بپرسم ئەم ترسەو دڵڕاوکێیە لە کاغەزی سپی لەچیەوەیە بۆ نوسەر؟ تۆ باش ئەو هەموو ئەزمونە لە نوسین، هێشتا هەر لەکاتی نوسینا قەلەقی؟ نوسین بەتایبەت شیعر چی پێبەخشیت و لە چی بێبەشی کردی؟

دلاوەر: لە تەوراتدا بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێش لە بارەی ئێلیسا پێغەمبەرەوە هەیە کە سەروکاری لەگەڵ مردوو زیندوو کردنەوەدا هەیە و بەوپەڕی باوەڕ و قەناعەتەوە شان دەداتە بەر ئەرکێکی مەحاڵی لەوجۆرە. 'کازانتزاکیس' یش لە یادەوەرییەکانیدا 'ڕاپۆرت بۆ گریکۆ'، بەسەرهاتی هاوڕێیەکی شاعیری بە ناوی ئانگیلیۆس دەگێڕێتەوە کە ئێوارەیەکی درەنگی ڕۆژێکیان لە پیاسەکردن دەگەڕێنەوە، لەبەر دەرگای ماڵەوەدا ڕادەوەستن و لەزەریا دەنۆڕن. پۆستەچی گوند دێت و نامەیەک لە جانتاکەی دەردێنێ و دەیداتە دەست هاوڕێکەی. پاشان سەر دەباتە بناگوێی و بە ترس و شڵەژانەوە دەڵێ: "بەستەیەکی گەورەشت بۆ هاتووە"... ئانگیلیۆس بەدەم خوێندنەوەی نامەکەوە ڕوخساری سوور هەڵدەگەڕێ و هەناسەبڕکێی پێدەکەوێ. پاشان نامەکە دەداتە کازانتزاکیس و دەڵێ:"بیخوێنەوە!" کازانتزاکیس نامەکە وەردەگرێ کە هی ژنەکەی (ئانگیلیۆس) ـە و بۆی نووسیوە:

"بوزا بچکۆڵە ئازیزەکەم! بەرگدرووەکەی هاوسێمان مرد، وا بۆت دەنێرم بەڵکو ڕۆحی بکەیتەوە بە بەردا!"

ئانگیلۆس بەترسەوە تەماشای کازانتزاکیس دەکا و دەڵێ:" بڵێی بتوانم؟ ... بڵێی زەحمەت بێ؟" کازانتزاکیس بە شانهەڵتەکاندنەوە دەڵێ:" نازانم، بەڵام بەهەرحاڵ، بەڵێ زۆر زەحمەتە!" پۆستەچییەکە پەلەی دەبێ، دەڵێ:" ئەی چی لەو بەستە گەورەیە بکەم؟" ئانگیلیۆس وەڵامی دەداتەوە:" بۆم بێنن...!" وا

دەڵێ و بە دەم چاوەڕوانییشەوە خۆی دەخواتەوە و لێو دەکرۆژێ. زۆری پێناچێ دوو پیاوی لادێیی دەردەکەون. تابوتێکیان بەسەر شانەوە دەبێ کە تەرمی کابرای بەرگدرووی تێدایە. ئانگیلۆس زۆر جوامێرانە دەڵێ:" ئادەی بۆم بەرنە سەرەوە" جارێکیتر ئاوڕ دەداتەوە، تەماشای کازانتزاکیس دەکا و بە نیگەرانیی و دردۆنگییەوە دەڵێ:"چ دەڵێی؟ بڵێی بتوانم؟ تۆ بڵێی ئەوەم لەدەست بێ؟" کازانتزاکیس وەڵامی دەداتەوە:" تۆ هەوڵی خۆت بدە، منیش دەچم پیاسەیەک دەکەم!" کازانتزاکیس ڕێگەی کەنار زەریا دەگرێتەبەر. بۆنی سەوڵ و زەریا هەڵدەمژێ و بەخۆی دەڵێ:" ئێستا ساخ دەبێتەوە ئاخۆ ئەو هاوڕێیەم فشەکەر و تەڵەکەبازە یان ڕۆحێکی چاوقایمە و سەروکاری لەگەڵ مەحاڵدا هەیە؟ بڵێی چ بکات؟ بڵێی هەوڵبدا مردووەکە زیندوو بکاتەوە؟ یاخود لە حەژمەت ئابڕووچوون وەک ڕێوییەکی فێڵباز دەخزێتە نێو جێگەکەی و خۆی دەکا بە نوستوو، ئەمشەو ئەوەم بۆ دەردەکەوێ...." کاتێ کازانتزاکیس دەگەڕێتەوە ماڵەوە، ژووری هاوڕێکەی کە لە نهۆمی سەرەوەیە، لەڕووناکیدا پرشنگ دەدا. بە درێژایی شەو دەنگی نرکە و ناڵەو نەعرەتە و جیڕەی قەرەوێڵەی لێوە دێ. پاشان دەنگی تەپەی پێ بەدرێژایی و پانایی ژوورەکە. هەمدیس نووزە و هاوارهاوار و نەعرەتە و جیڕەجیڕی قەرەوێڵە. کازانتزاکیس بەردەوام گوێی لە هاوڕێکەی دەبێ کە هەناسەی قووڵ هەڵدەمژێ و دەنرکێنێ و هاوار دەکا و پەنجەرە دەکاتەوە، وەک بڵێی خەریکبێ بخنکێ و پێویستی بەهەڵمژتنی هەوا بێ. تاریک و لێڵەی بەرەبەیان، کازانتزاکیس لەشەکەتیی خۆیدا خەو دەیباتەوە. بۆ بەیانی کە وەئاگا دەبێتەوە و دەچێتە خوارەوە، دەبینێ ئانگیلیۆس لەسەر مێزەکە دانیشتووە. شیرەکەی دەست لێنەدراو لەبەردەمیدایە. کازانتزاکیس بە بینینی ڕادەچڵەکێ، چونکە ڕەنگی مردووی لێنیشتووە، دەم و لێوی خۆڵەمێشیی دەچێتەوە و دەوری چاوانی شین هەڵگەڕاوە. کازانتزاکیس هیچ ناڵێ، واقوڕماو لەلایەوە دادەنیشێ و چاوەڕێ دەبێ. بەڵام ئەوەی لە ڕوخساری هاوڕێکەیدا دەیبینێ شکۆی کەسێکە کە هەوڵی وەدیهێنانی مەحاڵی داوە، ئەوەش ڕێک واتە شیعر نووسین.

ئەو بەسەرهاتەم بۆیە لێرەدا گێڕایەوە تا لێکچوونی هەوڵی شیعر نووسین بە هەوڵ و پڕکێشییەکانی ئێلیسا پێغەمبەر و ئانگیلیۆس بۆ زیندووکردنەوە و

ڕۆحبەبەرداکردنی مردوویەک بچوێنم... هەمان ترس و زەندقچوون، هەمان سپییێتیی ڕەها، هەمان دردۆنگیی و هەژان، هەمان مردوویی سەرکاخەز و نێو تابووت و هەمان خولیا بۆ زیندووکردنەوە و خولْقان و وەدیهێنانی مەحالْ. ئەوە وێڕای ئەو شکۆ و بەرزەفڕیی و هەیبەتەی کە بنیادەم لە کاتی وەدیهێنانی ئەرکێکی ئەوەندە خەیالْپلاوانە و بێهوودە و ناکردەنی و تاقەتپڕوکێندا دایدەگرێ، شکۆیەک گەورەتر لە شکۆ درۆیینەی پادشا و دەسەلاتدار و فەرمانڕوایان .. هەربۆیە لە خۆڕا نییە کە کەس وەک ئەو پادشا و دەسەلاتدارانە ڕقێکی قوولْ و شاراوەی لە شاعیران نییە، دیارە کە دەلْێم شاعیر، مەبەستم لە شاعیرە بە مانای تەواوی وشەکە نەک شیعرچی و هەلْبەستوان.